**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٢٨ ) ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە و، دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٥) لە ٢٠١٢/١٢/٣ پێداچوونەوەی کرد بۆ یاسای پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە سەر رۆشنایی رەتکردنەوەی بە بڕیاری ژمارە (١٩)ی ساڵی٢٠١١مان بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٢**
**یاسای پاسەوانیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

راژەی تاکەکانی پاسەوانان کە بەردەوامن لە راژەکەیان لەلای ئەندامان ، بە راژەیەکی کردەنی دادەنرێ بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی و حوکمەکانی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو کە لە هەرێم کاری پێدەکری یاخود هەر یاسایەکی دیکە جێی بگرێتەوە، تاکەکانی پاسەوانان کە دەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە پاسەوانی هەبێ کە لە سێ کەس زیاتر نەبێ لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێن و پالاوتنیان و گواستنەوەیان لەسەر داواکاری ئەندامەکە دەبێ و ئەندامەکەش دوای تەواو بوونی ئەندامیەتی بۆی هەیە یەك لەو پاسەوانانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەخۆ بگرێ و ئەوانەی دەمێنەوەش بەردەوام دەبن لەراژەی خۆیان لەلای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و، بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان دابەش دەکرێن بەسەر بەڕیوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پاسەوانی لە پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمدا.

**ماددەی سێیەم:**

نابێ ئەندامی پەرلەمان پاسەوانەکەی خۆی بگۆڕێ مەگەر دوای تەواو بوونی شەش مانگ بەسەر مێژووی دامەزراندنەکەی رەت بووبێ.

**ماددەی چوارەم :**

بڕیاری ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە : ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە چەکی کەسی خۆی هەبێ و هەڵیگرێ ( دەمانچە یان چەکی ئۆتوماتیکی ) یاخود هەردووکیان بەیەکەوە و ئەو حەقەشی دەبێ دوای تەواو بوونی ئەندامیەتیشی هەیبێ و ناسنامەی ئەندامیەتی یاخود ناسنامەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەبەڵگەنامەیەکی فەرمی دادەنرێ ، ئەندامیەتی دەسەلمێنێ بە مۆڵەتێکی یاسایی دادەنرێ و دەسەلاتی ئەوەی پێدەدات کە ئەم مافە بەکار بێنێ بەدەر لە حوکمەکانی یاسای چەکی ژمارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣) یاخود هەر یاسایەکی دیکە جێی بگرێتەوە .

**ماددەی پێنچەم :**

ئەندامانی خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردن،بەبەردەوامی پاسەوانێکیان لەگەڵدا دەمینێتەوە.

**ماددەی شەشەم :**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گـەر لەگـەڵ حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە ناکۆك بێت.

**ماددەی حەوتەم :**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامــەی فــەرمی ( وەقــایعی کوردســتان)دا جێبەجێ دەکرێت

**مسـعود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر:**
١٦/ کانوونی یەکەم /٢٠١٢ ی میلادی
٢٥/ سەرماوەز/ ٢٧١٢ ی کوردی
٢/ صفر/١٤٣٤ ی هجری

## هۆیە پێویستکارەکان

بە مەبەستی رێکخستنی کاروباری تاکەکانی پاسەوانانی ئەندامانی پەرلـەمان لـە ژێـر هێزەکانی ناوخۆی هەرێم بۆ پاراستنی لە راژە و خانەنشینی ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا .